# شەقامی کوردی :ئامادەی ڕوو بەڕوونەوەی سوپای تورکن

## ڕاپۆرت:ئاسۆ

ماوەی مانگێکە حکومەتی تورکیا، کەوتۆتە جموو جوڵی سەر بازی لەسنورەکانی هەرێمی کوردستان و نیازی ئەم جموو جووڵە سەر بازیەش هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانە. بەر پرسانی تورك واڕادەگەیەنن کە ئامانجیان لەم لەشکر کێشیە لێدانی گورزە لەبنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان .چاودێرانی سیاسیش ئەو ڕاستیە دەخەنە ڕوو ئامانجەکانی دەوڵەتی تورك ،هێرشنیە بۆسەر پەکەکە، بەڵکو هێرشە بۆسەر ئەو دەسکەوتانەی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە چوار چێوەی سنوری عێراقدا نیمچە سەر بەخۆن و ، لە تێکڕای بوارەکانیسیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبەرو پێشچونێکی خێرادان .ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی دەوڵەتی تورکیا و بەهەڕەشەی ڕاستەو خۆی دادەنێت بۆسەر یەکپارچەی خاکی ولاَ تەکەی .هەرچەندە بەپێی یاسا نیودەوڵەتیەکان ،تورکیا بۆی نیە پەلاماری سەر بازی بکات.بەلاَم بوونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە شاخەسنوریيە کان ،بۆتە بەهانەیەك بۆ دەوڵەتی تورك .کەلەو ڕێگەیەوە بە و ئامانجە بگات کە حکومەتی کوردی برِو خێنێت .ڕای گشتی کوردستان پێیان وایە ئەگەر چەکدارانی پەکەکەش نەبن ،تورکیا بەهانەی کە دەدۆزێتەوە بۆ پەلاماردانی خەڵکی کوردستان بۆیە ئێستا ڕای گشتی کوردی ، لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان هاوڕان و یەك دەست ئامادەی هەر ڕوو بەڕوونەوەیەکن لەگەڵ سوپای تورکیا .وەتێکڕایی ڕای گشتی کوردستانی ئێستا ئامادەن لەژێر ڕێبەرایەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ،بەر گری لە هەرێمی کوردستان بکەن .ئاڤێستا کەمال :خوێند کاری زانکۆیەو ووتی: من ئامادەم شەڕ دژی سوپای تورکیا بکەم ،هیچ کاتێك خەڵکی کوردستان سەر شۆڕی قبوڵناکات و تورکەکانیش دەبێت بزانن پەلاماردانی کوردستان دەبێتە ئاگارێك جەستەی کەمالیەکانی پێدەسوتێت.من لەگەڵ شەڕدانیم بەلاَم ئەوەی هێرش بکاتەسەر خاکەکەمان دەبێت بەرگری لەخۆمان و خاکەکەمان بکەین .

مامۆستا سیامەند : لەیەکێك لەئامادەییەکانی سلێمانی وانەدەڵێتەوە ، ووتی: ئێمە چوار ساڵە ئاهێکمان هەڵکێشاوەو ئازادین ئێستا تورکەکان، دەیانەوێت ئەو ئازادییە مان لێزەوت کەن ئەوەی زوڵمی واقبوڵبکات خواش بەنەعلەتی ئەکات ،بۆیە بەرگری کردن لە خاکەکەمان ئەرکی سەر شانمانە، ئێمە ئاشتی خوازین نامانەوێت شەڕبکەین بەلاَم ئەگەر هێرشمان بکەنە سەر وەلاَمێکیان ئەدەینەوە بۆمێژوویان لەبیری نەکەن .چرۆمەحەمەد: فەرمانبەرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو لەیەکێك لەدامەزراوەکانی حکومەت کاردەکات .چرۆ دەڵێت: ئێمە ئەوەتەی درووست بووین بەر گریمان لە خاکەکەمان کردوە، ڕاستە ێمە نەمان توانیوە دەوڵەتمان هەبێت بەلاَم خاوەنی ئیرادەیەکین کە دوژمنەکانمان تۆقاندوەو ڕۆژێك نەمان هێشتوە هەناسەیەکی ئیسراحەت هەڵکێشن ،بۆیە بە تورکەکان دەڵێم ناماقووڵی وانەکەن و بەزاندنی سنوری کوردستان یاری کردنە بەئاگر ،ئاگری ئەم جارەش جەستەی کەمالیەکان ئەسوتێنێت .دلزار مەحەمەد :کاسپکارەو لە ڕەوو بەڕوونەوەی سوپای تورکیا دوودڵنیەو ئامادەی مردنە لەپێناوی نیشتیمانەکەیدا .دلێزار داوای لەڕای گشتی تورك کرد کە لەپێناوی ئاشتیو نەڕشتنی خوێندا فشار بخەنە سەر حکومەتەکەیان تا هەڵەیەکی واکوشندەنەکەن و هەمولایەك دەرگیری شەرێکی سوتێنەر نەبن ،بەهەمولایەك هەوڵیڕێگەیەکی ئاشتیانە بدەین تا هەمولایەك بەئاسودەیی بژین .سلێمان حەمەڕشید :پیاوێکی بەسالاَچوە ئێستا خانەنشینە ئەوەیش ئامادەی هەر ڕووبەڕوو بونەوەیە کە ،کاك سلێمان ووتی: من ئامادەم لەم تەمەنەدا دەست بدەمە چەك و پارێزگاری لەنیشتیمانەکەم بکەم ،تورکیا هەردەم ناحەزی ئێمە یە خەیاڵیان خاوە ئەگەر بیانەوێت لاسای ئەمریکا بکەنەوە لەبەر ئەوە ی ئێمە سەدام نین و ئەوان ئەمریکا بە ڵکو ئێمە گەلێکین خاوەنی ئیرادەی نەتەوەی خۆمانین ،لەتوپو تەیارە ناترسین (صدام حسێن) تەیارەو دەبابەی هەبوو، یەك ملیۆن سەر بازی هەبوو ،چەکی کیمیاوی هەبوو ،نەی توانی ئیرادەی میلەتەکەی ئێمە لاواز بکات ئێستاش بەم وڵاتە ڕووخاو تۆرانییە ئیرادەی میلەتەکەمان لاواز نابێت ،پێیی گلاَویان بێتە خاکەکەمانەوە دەیانکەین

بەعیبرەت بۆزەمانە بۆیە داوا لەسەر کردەکانمان ئەکەم نەترسن پشت بەخواسەرئەکەوین شەڕی گەورەش دەسکەوتی گەورەمان پێدەبەخشێت .سیروان کریکار: بەژداربوویەکی تری ئەم ڕاپورتە بوو سیراوان کورێکی ئارام و لەسەر خۆبوو بەزەردەخەنەیەکەوە ووتی :ئەگەر تورکیا هێرش بکات پێش ئێمە ئەمریکیەکان لێیان دێنەدەست ،بەزاندنی سنورێك کە ئەمریکا لێی بەر پرسە سوك کردنی گەورەترین هێزی جیهانە ، هەڕەشەو خۆگیف کردنەوەی تورکەکانیش کەدەڵێن بێویستی ئەمریکا هێرش دەکەین، جگە لەبەرز کردنەوەی ئیرادەی ڕووخاویان هیچی دیکە نیە، تورکیا کەبەدەست پەکەکەوە حاڵی شڕە چۆن ئەتوانێت ڕوو بەڕوی هێزێکی گەورەی جیهانی بوەستێت ئەگەر بێویستی ئەمریکا کاری وابکەن دەبێت چاوەڕێی سزا کەی صدام بکەن. سروە جەبار: یەکێکە لەو کچانەی کەبەردەوام خواستێتی لە ڕیزی سەر بازی کاربکات داوادەکات کەوەك ولاٌتە پێشکەوتوەکان ژنانیش بخرێنە ڕیزی سوپای کوردستانەوە ،سروە ئامادەی هەموو ڕوو بەڕوو بونەوەیەکە لەگەڵ تورکیاو ،ووتی خێزانەکەمان بەدایك و باوکیشمەوە ئامادەین دەست بدەینەچەك و بەرگری لەخاکە پیرۆزەکەمان بکەین تورکیا ئەگەر دەیەوێت کۆتای بەکێشەو شەر بهێنێت دەبێت ڕیز لەهەرێمی کوردستان بگرێت دان بە بونی کوردا بنێت ئێمە لەم خاکو وخۆڵە دروو ست بوین و ئەوی قاچ بخاتە ناوخاکەکەمانەوە قاچی ئەبڕینەوە.دەبێت ڕای گشتی تورکیا، ڕاستیەك هەیە بیزانن کە ئێمە میلەتێکین ڕێز لەئیرادەمان نەگیرێت ڕیگەنادەین کەس لەم ناو چەیەدا بەئارامی ژیان بەرێتە سەر بۆیە باشتر وایە تورکیا لەباتی هێرش بیر لەئاشتی بکاتەوە، ئێمەش گەلێکین ئاشتی مان دەوێت هەموکاتیش ئێمە لەپێناوی ئاشتیدا دەستی خۆمانپێش خستوە .